**زانیاری دەربارەی هاوکارییەکانی پەیوەست بە مافی مانەوە بەهۆی بوومەلەرزەکانی تورکیا و سوریا**

کاریگەری بوومەلەرزە لە تورکیا و سوریا ترسناکە.
هەر لەبەر ئەم هۆکارەش‌پشتیوانی خێرا و بەردەوامی ئەو کەسانەی کە بەهۆی کاریگەرییە دڵتەزێنەکانی ئەم بوومەلەرزانە زیانیان بەرکەوتووە، نیگەرانییەکی گرنگە بۆ وەزارەتی منداڵان، لاوان، خێزان، یەکسانی، کۆچبەری و تێکەڵ بون بە کۆمەڵگا.

چاوەڕوان دەکرێت ئەم زانیاریانەی خوارەوە تێڕوانینێکی خێرا لە پێشهات و بژاردەکانی ئێستا پێشکەش بکەن:

**<u>بۆ ئەوکەسانەی لە ناوچە زیانلێکەوتووەکاندا دەژین</u>**

**ئاڵوگۆڕی بیرورا لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و ویلایەتەکان**
لە بنەڕەتدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی تورکیا و سوریا بچنە ناو خاکی فیدراڵی، ڤیزەیەک پێویستە. نوێنەرایەتییەکانی خاوەن دەسەڵاتی وەزارەتی دەرەوە لە دەرەوەی وڵات و بەم پێیەش حکومەتی فیدراڵی بەرپرسیارن لە بابەتی ڤیزە بۆ ئەوکەسانەی لە دەرەوەی ئەڵمانیا دەژین.
وەزارەتی منداڵان، لاوان، خێزان، یەکسانی، کۆچبەری و تێکەڵ بون لە ویلایەتی باکووری ڕاین-وێستفالیا و هەروەها ویلایەتەکانی دیکە لە ڕاوێژکارییەکی نزیکدان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ گەڕان بەدوای بژاردەکانی پشتیوانیدا.
وەزارەتی دەرەوە، بە هاوکاری وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵ و نیشتمانی ، نامەیەکی بەڵێننامەی پێشکەش کردووە لە ئەگەری هەندێک بارودۆخی پێویست (بەتایبەت: برینداربوونی کەسی بەهۆی بوومەلەرزەکەوە، وەک بێ ماڵ و حاڵێەکی نزیک لە رودان؛ ئەندامێکی خێزان کە لە ئەڵمانیا دەژی) پرۆسەیەکی ئاسان و پراکتیکی بۆ وەرگرتنی ڤیزا هەماهەنگ کردوە.
زانیاری زیاتر لە بەشی <u>پرسیارە باوەکان</u> وەزارەتی دەرەوە لەم ماڵپەڕەی خوارەوەدا دەدۆزیتەوە:
[https://www.auswaertiges-amt.de/de/aussenpolitik/krisenpraevention/humanitaere-hilfe/erdbeben-tuerkei-syrien-faq/2581294](https://www.auswaertiges-amt.de/de/aussenpolitik/krisenpraevention/humanitaere-hilfe/erdbeben-tuerkei-syrien-faq/2581294)

**یەکەمایەتیدان(ئەولەویەتدا) بە پێشکەشکردنی نامەی پابەندبوون**
بۆ ئە نجامدانی پرۆسە ی پێویست بۆ وە رگرتنی ڤیزا، پێویستە لە لایە ن کە سێک کە لە ئە ڵمانیا دە ژی، نوسراوی بە ڵێننامە پێشکە ش بە وە زارە تی هاووڵاتیانی بیانی لە ناوچەکە بکرێت. کەسێک کە لە ئەڵمانیا دەژی لە چوارچێوەی نامەی پابەندبووندا دڵنیای دەدات لەوەی کە هەر تێچوونێک کە پێویست بێ لە ئەستۆ دەگرێت، بۆ نموونە بۆ تێچووی بژێوی ژیان یان خەرجییەکانی ژیان یان یارمەتی تەندروستی بۆ ئەوکەسەی لە تورکیاوە خەریکە دێتە ئەڵمانیا.
بەمەبەستی خێراکردنی ئەم پرۆسەیە، وەزارەتی منداڵان، لاوان، خێزان، یەکسانی، کۆچ و تێکەڵ بون بە کۆمەڵگە داوای کردووە نووسینگەی هاووڵاتیانی بیانی لە باکووری ڕاین- وێستفالیا لە چوارچێوەی فەرمانێک بۆ وروژاندنی هەستیاری، کە داواکارییەکان پەیوەست بە دابینکردنی نامەی پابەندبوون بۆ ئەوکەسانەی کە دەیانەوێت لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانەوە بچنە ناو وڵاتەوە، ئەولەویەتیان پێبدەن.
بۆ ئەوەی بتوانرێت بە خێرایی نامەی پابەندبوون تاوتوێ بکردرێت، پێویستە هەموو بەڵگەنامەکان (بەتایبەت بەڵگەی مووچە) بە تەواوی بخرێنە بەردەست کاتێک نامەی پابەندبوونەکە پێشکەش دەکرێت. بۆ هەر پرسیارێکی دیکە، بە تایبەت ئەوەی کە چ بەڵگەنامەیەکی دیکە پێویستە، فەرمانگەی هاووڵاتیانی بیانی بە دڵفراوانیەوە وەڵامی هەر پرسیارێکتان دەدەنەوە.
دەتوانن لەم ماڵپەڕەی خوارەوە کەڵک وەربگرن بۆ زانینی زانیاری پەیوەندییەکانی فەرمانگەی بیانییەکان کە بەرپرسیارن لە ئێوە:

[https://bamf-navi.bamf.de/de/Themen/Behoerden/](https://bamf-navi.bamf.de/de/Themen/Behoerden/)

**<u>بۆ ئەوکەسانەی لە خاکی فیدراڵیدان</u>**

**درێژکردنەوەی ڤیزەی شنگن**

وەزارەتی منداڵان، لاوان، خێزان، یەکسانی، کۆچبەری و تێکەڵی ویەکگرتنی کۆمەڵایەتی داوای لە فەرمانگەکانی هاوڵاتیانی بیانی کردووە لە باکووری ڕاین- وێستفالیا وەک بەشێک لە فەرمانێک بۆ هۆشیارکردنەوە سەبارەت بەو کەسانەی کە بە ڤیزەی تایبەتی سەردانیکەر لە ئێستادا لە خاکی فیدراڵی نیشتەجێن و دوای تەواوبوونی ڤیزاکە، پێویست بو بگەڕێنەوە بۆ ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان، دەتوانن ئەگەری درێژکردنەوەی ڤیزەی تایبەتی سەردانکەران بەبێ فۆرماڵیتی کارگێڕی بەکاربهێنن.

بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاودا داواکاری درێژکردنەوە پێشکەش بکەیت، داواتان لێدەکەین بە زووترین کات پەیوەندی بە فەرمانگەی بەرپرسیاری کۆچبەرییەوە بکەن.